## کوڕەکەم ...

# وریای بیری ئیلحادی بە


نوسینی

الشيخ: د. سعيد بن سالم الدرمكي

وەرگێڕانی

ستافی ماڵپەڕی وەڵامەکان


---


لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله، أما بعد ...

گەورەترین نیعمەت کە خوای گەورە بەخشیبێتی بە مرۆڤ بریتیە لە ناسینی پەروەردگاری و باوەڕبوون پێی و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی تایبەت بەخۆی، لەبەرانبەریشدا گەورەترین زەرەر و زیان بریتیە لە نەناسینی پەروەردگاری و نەزانینی ئەرکەکانی سەرشانی و نەفامی لە مافەکاندا.

وە بەندە ئەگەر بیەوێ پەروەردگاری بناسێ ئەوا زۆر ئاسان و سادەیە، چونکە هەریەك لە فیترەت وعەقڵ و هەستی رێك هەموو بەڵگەن بۆ هەبوونی خوا و ڕێنشیاندەرن بۆ ناسینی، و هەروەها بۆ ئەوەی کە ئەو خوایە خۆی بەتەنهایە لە بەدی هێنان وبەڕێوەبردنی کاروباری جیهانی ئاسمانەکان و زەوی، وە هەموو دروستکراوەکانیش بەجیاوازی رەگەز وجۆریانەوە تێکرا پێویستیان بەو خوایە هەیە و خوایش بێ پێویستە لە گشتیان، و ئەوانە هیچی موڵکێکیان نییە وهیچیان بەدەست نییە لە سوود وقازانج و زەرەر وزیان و مردن وژیان و زیندووبونەوە.

جا هیچ یەکێك گومانی نییە لە بوون ودەسەڵاتی خوا مەگەر کەسێك کە فیترەتی تێکچووبێت و بیری لارێ بووبێت و چاوی دڵی کوێر بوبێ هەرچەندە چاوی سەری ساغ وسەلامەت بێ، چونکە هیچ شتێك لەم جیهانەدا نییە ئیلا بەڵگەیەکی تێدایە لەسەر بوونی پەروەردگارێکی سیفات بەرز وتەواو، بەشێوەیەك کە بەدەسەڵات وبەهێــزە و هیچ شتێك نایبەزێنێت و زانا و داناو کاربەجێ و شارەزایە بەهەموو شتێك لەهەر شوێنێك.

وە ئەوەش کارێکی شاراوا نییە لای هەموو ئەوانەی کە نکوڵی پێغەمبەران و نێردراوان دەکەن و گومانیان لێیان هەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: " قَالَتْ رُسُلُهُمْ أَفِي اللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ" [إبراهيم:١٠] واتە: پەیامبەرەکانیان پێیان فەرموون : ئایا گومانتان لە خوای پەروەردگار و پەرستنی بە تاك و تەنهایی هەیە ؟! ، لە کاتێکدا کە هەر ئەوە دروستکاری ئاسمانەکان و زەوی ، و بەدیهێنەریانە لە نەبوونەوە بە بێ بوونی نموونەی پێشتر بۆیان.

بەڵام بەداخەوە بەدرێژایی مێـژوو وە تەنانەت لەم ڕۆژگار و چەرخەی خۆشماندا و لەنێو مامۆستایان و بەڵکو هەندێکیان ئاماژەیان بۆ دەکرێت بە نازناوی زانا و پرۆفیسۆر کە نکوڵی بوونی خوا دەکەن بەهەموو شێوەیەك، هەیانە بە گومانە لە بوونیدا و دەرخەری ئەو باوەڕەیە کە ناونراوە بە " الفكر الإلحادي".

سەرەڕای ئەوەی زانست وزانینیان تەنها سنوردار و قەتیس کراوە لەبوارە دونیایی وئەزموونیەکاندا لەگەڵ ئەوەشدا (شبهات و شهوات) واتە گومان و حەز وئارەزوو دڵیانی داپۆشیوە و بەهۆیەوە باتڵ وناڕەوا بە حەق دەبینن و حەقیش بە ناڕەوا دەبینن، پاشان دەستیان کرد بە داهێنانی چەند بیردۆزێك کە لەخۆیانەوە دایان ڕشت بۆ ئەوەی بەڵگە دروست بکەن لەسەر نەبوونی خوایەکی بەدی هێنەر بۆ ئەم گەردوونە، و دوای ئەوەش تانە بدەن لە دین و خواپەرستی خەڵکی بۆ پەروەردگاریان.

بەداخەوە هەندێك لەو موسڵمانانەی کە تەنانەت شایەتومانیشیان هێناوە ونوێژدەکەن و ڕۆژویش دەگرن کەوتونەتە ژێـر کاریگەریانەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو موسڵمانە کاڵفامانە بەڕاستی و تەواوەتی پەروەردگاریان ناناسن و ئەو باوەڕەیان نییە لەناخ و دڵدا کە بتوانن بەرانبەر بە زریانی گومان و ئارەزووەکان بوەستنەوە، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " بَادِرُوا بِالأَعْمَالِ فِتَنًا كَقِطَعِ اللَّيْلِ الْمُظْلِمِ يُصْبِحُ الرَّجُلُ مُؤْمِنًا وَيُمْسِي كَافِرًا أَوْ يُمْسِي مُؤْمِنًا وَيُصْبِحُ كَافِرًا يَبِيعُ دِينَهُ بِعَرَضٍ مِنَ الدُّنْيَا " رواه مسلم.

واتە: پەلەبکەن و دەستپێشخەری بکەن لە ئەنجامدانی کردەوەی چاکدا لە پێش هاتنی فیتنە وئاشوبێك کە وەکو پارچەیەك لەشەو وەهایە و دۆخەکە ئەوەندە نالەبارە بەشێوەیەك کە کەسی وەها هەیە بەیانی باوەڕدارە و کەچی ئێوارە کافرە یاخود ئێوارە باوەڕدارە و کەچی بەیانی کافر وبێباوەڕە و دینەکەی دەفرۆشێت بە هەندێك لە دونیا.

هەربۆیە ئەم چەند ئامۆژگاریە ئاراستەی برا و خوشکەکانم دەکەن بۆ ئەوەی نەکەونە ژێــر کاریگەری فیکر و هزری بێباوەڕی و ئیلحادیەوە:

**کوڕی شیرینم وریای بیری ئیلحاد بە:** تەواوی مرۆڤەکانی جیهان لەوەتەی خوای پەروەردگار دروستیانی کردووە هەتا سەردەمی عیسا – علیه السلام– هەرهەموویان دانیان دەنا بە بوونی خالقێك بۆ ئەم گەردوونە کەبەڕێوەی دەبات، بەڵام ڕاجیاوازیان لەگەڵ پێغەمبەرەکانیاندا لەسەر ئەوە بووە کە تەنها خوایان بەتاك نەدەزانی و یەکخواپەرست نەبوون لەپەرستندا و خوای تریشیان دەپەرست، و لەم بیروبۆچون و باوەڕەدا کەس لاری و سەرکەشی نەبوو جگە لە نەمرود و فیرعەون نەبێــت، چونکە هەریەك لەوان لاف خوایەتی لێ دەدا.

جا ئایا باوەڕهێنانی هەموو خەڵکی بە بوونی خوایەکی بەڕێوەبەر بۆ ئەم گەردوونە بەدرێژایی سەردەمەکان باتڵ وناڕەوایە و ئینکاری کردن وسەرسەختی نەمرود وفیرعەون حەق و ڕەوایە؟!.

**ئەی کوڕی شیرینم وریای بیری ئلیحاد بە:** سەردەمەکانی فەلسەفە و ئەوانەی بانگەشەی حوکمی عەقڵیان دەکرد تێـکڕا بەتاڵ ودووربوون لە بیری ئیلحاد، چونکە مێژونوسان ئەوەیان سەلماندوە و روونکردۆتەوە کە هەموو سەردەمەکانی چاخی یۆنانی و رۆمانی وچاخی ناوەند و سەردەمی ڕێنیسانس وچاکسازی هەتاوەکو ناوەڕاستی سەدەی

حەڤدەیەم بەتاڵ بوونە لە فیکری ئیلحاد، و ئەم هزرە نامۆیە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدە و هەژدەیەمی زایندا سەری هەڵـــدا ئەو سەدەیەی کە پێی دەوترێــت سەردەمی رۆشنگەری، بەشێوەیەك کە بیری ئیلحاد و ئەوەی خۆی بەخاوەنی دەكات سەری هەڵدا بەڵام بەشێوەیەکی لاواز و لەسەر ئاستێکی بەرتەسکدا، ئەمە لە کاتێکدا ئەم بیروبۆچونە نامۆیە قەتیس مابوو لە مێشکی هەندێك لە رۆشنبیران وفەیلەسوفاندا و بڵاونەبوویەوە هەتا لەسەدەی نۆزدەیەمدا نەبێت.

جا هەموو ئەمانە ئەوەت پیشان دەدەن کە هەموو مرۆڤەکان تێکرا پێکەوە باوەڕیان بەبوونی خالقێك هەبووە بۆ ئەم گەردوونە، و کەسانێکی ریــزپەڕ ونامۆ نەبێت لەم رێسا گشتیە لایان نەداوە و بۆیە تۆش لەو کەمینە بێ ناوە مەبە.

**ئەی کوڕی شیرینم وریای بیری ئیلحاد بە:** کەسی مولحید بەپێی هەوا وئارەزوی خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ خودی خۆی و کەسانی دەوروبەریدا دەکات، چونکە ئەو باوەڕی بەدینێك نییە کە حوکمی بکات، بۆیە ڕاست وهەڵە دەگەڕێننەوە بۆ حەز و ئارەزوی خۆیان و ئەو شتەی کە حەزی لێ دەکەن با لە هەموو دینەکانیشدا حەرام بێت بەچاکە و خێر دایدەنێن، و بە پێچەوانەشەوە ئەوەی رِقیان لێ بێت ئەگەرچی لە هەموو شەریعەتەکاندا حەڵاڵ بوبێت ئەوا بە خراپە وناپەسەند هەژماری دەکەن.

جا کەسی مولحید هەژارە بۆ ئەو بنەما ڕەسەنەی کە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی لێوە فێردەبێت لەگەڵ ئەوانی تردا، بۆیە هەندێك لە مولحیدەکان وتویانە: " ئەگەر خوا نەبێت ئەوا هەموو شتێـــك حەڵاڵە".

وە ترسناکی کەسی مولحید لەسەر خۆی و خێزانی و کۆمەڵگە و وڵاتەکەشی گەلێك زۆر و گەورەیە، لەبەر ئەوەی دەبینی کەسێکی یاخیە لەسەر کۆمەڵگە وتەنانەت ئەو یاسا وڕێسایانەی وڵاتەکەی بەبیانوی ئەو ئازادی وسەربەستیەی کە داوای دەکات.

**ئەی کوڕی شیرینم وریای بیری ئیلحاد بە:** لە ڕاستیدا بیری ئیلحاد زانست وزانینێکی پێشکەش بە مرۆڤایەتی نەکردوە کە بە هۆیەوە تینیوی نەزانی بشکێنێت و لە برسێتی تێری بکات سەبارەت بەو پرسیارە ئاڵۆزانەی کەلە مێشکیدایە کە وەڵامیان نییە تەنها بە یەقین و دڵنیاییەك نەبێت کە گومانی تێدا نەبێت جا چۆن دەتوانێت وەڵامیان بداتەوە لەکاتێکدا خۆی بەتەواوەتی وەڵامەکە نازانێت!

بیری ئیلحادی ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە کێ دروستی کردوویت؟ یان کێ گەردوونی دروست کردووە؟ یاخود مەبەست لە دروست کردنی گەردوون چییە؟

ئەم پرسەش بۆشاییەکی ڕۆحی دروست دەکات لە دەروونی مرۆڤایەتیدا کە وای لێ دەکات بەبێ ئامانج و مەبەستێك لەم جیهانەدا بەردەوام بێت، کە وا دەکات تاك هەست بە

داتەپین و دۆڕان و تێکچوونی باری دەروونی و بێزاربوون و بێ هیوابوون بکات کە سەردەکێشێت بۆ خۆکوشتن، جا چ خۆشبەختی وئاسوودەییەك دەست دەکەوێت لەپەنای ئەم بیرو بۆچونەدا؟

**ئەی کوڕم وریای بیری ئیلحاد بە:** چونکە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە پێچەوانەی ئەو فیترەتە پاکەیە کە خوای گەورە مرۆڤی لەسەر بەدی هێناوە کە بریتیە لە بوونی خوایەك و لێ نـزیك بوونەوەی و پەرستنی.

هەروەها دژ دەوەستێ لەگەڵ ئەو رێساو یاسا عەقڵیانەی کە هەموو ژیرمەندان لەسەری کۆکن کە ئەویش بریتیە لەوەی هەموو رووداوێك پێکهێنەرێکی هەیە و هەموو کارێك بکەرێکی هەیە.

هەروەها دژ دەوەستێ لەگەڵ ئەو ڕاستیەی کە سەلمێنراوە و چەسپاوە لەلایەن هەریەکە لە فیترەت و عەقڵ و هەست و زانستی ئەزموونیشدا بەوەی کە خوایەك بوونی هەیە بۆ ئەم گەردوونەو ئەو خوایەش وەصف کراوە بە هەموو سیفاتێکی تەواو و زانست و حیکمەت ودانایی و هەر ئەویش شایەن و شایستەی پەرستنە بەتەنها.

پاشان دەبینی كەسی مولحید دەستی گرتووه به بیردۆزە ڕۆژئاواییە نامۆكانەوە كە هێشتا له نێوان زانایانی خۆیانیشدا جێگەی مشت ومڕ و كێشمەكێشە و یەكلانەبونەتەوە.

سەیرە كە زۆرێك له كەسانی مولحید نەرێنین سەبارەت بەهـۆكاری ئیلحادبوونیان و باوەڕنەهێنانیان، و زۆر بە بێ موبالاتەوە دەڵێن: بەوەی كە ئەوان باوەڕناهێنن بە بوونی خوایەك، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك بخەنەڕوو ئەگەر شتێكی سووك و كەمیش بێت.

**ئەی كوڕی شیرینم وریای بیری ئیلحاد به**: یەكێكی تر له هۆكارەكانی ئیلحاد بریتیە له وێنەی تێكدراوی ئیسلام، وە دوژمنان سەركەوتوو بوون له تێكدان و شێواندنی وێنای ئیسلام ئەوەیش بە پاڵپشتی كردنی چەندین گروپی توندئاژۆی وەكو قاعیدە وداعش، ئەمەش لەسەر بنەمایەك كە پێی دەوترێت (هدم الأصل بذات الأصل ) ڕووخاندنی بنچینە بە خودی بنچینە، جا بۆیە ئەم گروپە بەناو ئیسلامیە بەكرێ گیراوانە بەكارهێنران بۆ شێواندنی ڕووی جوان و سیمای لێبوردەیی ئیسلام و چاكی و ئاسانكاریەكانی ئەم دینە، ئەوەیش لەمیانەی بەكارهێنانی وتارێكی دراوە پاڵ دین كە دین لێی بەریە، ئەویش سیفەتی توندڕەوی و زیادەڕۆییە، كە بەرهەم و دەرئەنجامەكەشی تیرۆر و كوشتن و برینە، ئەویش سەردەكێشێ بۆ ڕق لێ بوون له دین وحەز پێ نەكردنی و سەیركردنی ئیسلام وەكو ئاینێكی كوشندە و دوژمنكاری و وەحشیگەرایی، بۆیە ئەم دینەیان خستە پشت گوێیان و ڕوویان كردە بیری ئیلحاد و دونیا ودوارۆژی خۆیان دۆڕاند.

جا ئەو کەسانە پێدەچێت بیریان چووبێتەوە کە ژمارەی کوژراوانی جەنگی جیهانی یەکەم ٣٧ ملیۆنی تێپەڕاند و ژمارەی کوژراوانی جەنگی جیهانی دوومیش لەنێوان ٥٠ بۆ ٧٠ ملیۆن کەسدا بوو، ئەمانەش جەنگێك بوون کە هیچ پەیوەندیەکیان بە دین وئیسلامەوە نەبوو.

جا ئیتر کامیان شایەنی ڕق وکینەیە یان خۆ لێ بەری کردنە؟

**ئەی کوڕی شیرینم وریای بیری ئیلحاد بە:** یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بریتیە لە بەکارهێنانی عەقڵ لەو شتەی کە لێی نازانێت و لەتوانایدا نییە بە بیانووی عەقلانیەت و ئازادبوون لە کۆت و بەندی لاسایی کردنەوەیەکی بەمیرات بەجێماو، جا لەسەرەتاوە بە حوکمی تەشریعی خوایی دەست پێدەکات ودواتر لە کاروکردەوەکانی خوای گەورە و کارە پەنهانی و غەیبیەکان و هەتا دەگاتە تۆمەتبار کردنی خوای پەروەردگار بە ستەم کردن و نادادپەروەری و بێ ڕەحمی و نەتوانایی و بێ دەسەڵاتی.

ئەمە لە کاتێکدا یە کە بۆچوونە عەقلانیەکانیان ناتەواوەو کەموکورتیەکی زۆری هەیە، چونکە ئەو تێگەیشتنە وەستاوە لەسەر ئەو زانین وزانیاریانەی کە وەرگیراون بەهۆی هەستەوەرەکانەوە کە هەرخۆی لەسەرەتاوە کەموکورتی هەیە و تەواو وکامڵ نییە.

وەکو چۆن سەیرت دێت لە عەقڵی خاوەن فیکرە ئیلحادیەکان ئەوانەی کە لاف عەقلانیەت لیَ دەدەن، چونکە ئەوان باوەڕناهێنن مەگەر بە شتێك نەبێت کە سەلمێنرابێت بە زانستی ئەزمونی بەچاو بینراو، لەهەمان کاتیشدا دەبینی باوەڕدەهێنن بە کۆمەڵێك بیردۆز و گریمانە کە هەر خودی زانستیش پێچەوانەکەی دەسەلمێنێت و گومانی لەڕاستی و دروستیان هەیە.

لەوانە بیردۆزی داروین کە کەسێك بەناوی (چارلز داروین)ەوە داینا و بەپێی ئەم بیردۆزەیە بنچینەی هەموو دروستکراوەکان لەسەر گۆی زەوی دەگەڕێتەوە بۆ ناوك و گەردیلەیەك کە بە تێپەڕبوونی ملیۆنان ساڵ گەشەی کردووە و بونەوەرە زیندووەکانی لیَ پەیدابوە، ئەمە لەکاتێکدا خودی داروین و ئەوانەشی وەکو ئەو بیردەکەنەوە هەتا ئەمڕۆ بەڵگەیەکی زانستی ئەزمونی دوور لە ڕەخنەیان پێشکەش نەکردووە سەبارەت بە سەلماندنی ئەم بیردۆزەیە، وە بە درێژایی مێژوو نەسەلمێنراوە بەوەی کە زانایان شوێنەوار یان شتێکیان دۆزیبێتەوە لەسەر ئەوەی کە ناو دەبرێت بە (بیردۆزی گەشەسەندن) ئەمە جگە لەوەی ئەوەش نەسەلمێنراوە کە مرۆڤ لە مەیمونەوە هاتبێت، ئەمە لەکاتێکدا زانستی سەردەم ئەوەی دۆزیوەتەوە کە ترشی ئەتۆمی لە بونەوەرە زیندووەکاندا ئەستەمە پێکەوە بلکێن لە نێوان دوو زیندەوەرەی هەڵگری دوو جۆری جیاوازی ترشە ئەتۆمیەکەدا، نە بە ڕێگەی سروشتی و نەبەڕێگەی تاقیگەیی، کەچی لەگەڵ

هەموو ئەمانەشدا هێشتا خاوەن بیرە ئیلحادیەکان بەرگری لەم بیردۆزەیە دەکەن و پشتڕاستی دەکەنەوە.

یەکێکی تر لەو بیردۆز و گریمانانە بریتیە لە بیردۆزی فرەگەردوونی کە پێی وایە ئەم گەردوونە بەرەبەرە گەورە بووە لەشێوەی بڵقی صابووندا، هەتا خۆی نەگرتووە و تەقیوەتەوە بۆ چەندین بڵقی تری بێ شومار، بۆیە بینا لەسەر ئەمە چەندین گەردوونی تر بوونیان هەیە جگە لەم گەردوونەی ئێمە کە زەوی تێدایە و ئێمەی لەسەر دەژین، وە مرۆڤ لەسەر ئەم زەویە کۆپیەکە لە هەموو ئەو گەردوونانەی تر لەم بونەوەرەدا، وە هەموو کۆپیەکیش لەوەی تر جیاوازتر و گۆڕاوترە.

لەگەڵ ئەوەی ئەم بیردۆزە لەسەر خەیاڵ بونیاد نراوە کەچی خاوەن بیرە ئیلحادیەکان بەرگری لێ دەکەن و باوەڕیان پێی هەیە لەکاتێکدا ئەستەمە وناکرێت لەڕووی زانستیەوە پشتڕاست بکرێتەوە.

**براى خوێنەرم:** بەختەوەری دەروون و دڵئارامی و ئاسوودەیی لە ناسین وباوەڕهێناندایەبە بەدی هێنەری گەردوون کە خوای گەورەو بێ هاوتایە و شوێن کەوتنی شەریعەتەکەی و باوەڕهێنانە بە پێغەمبەرانی.

جا برای موسڵمانم بۆ بەتاڵ کردنەوە و بەدرۆخستنەوەی بیری ئیلحاد هەر ئەوەت بەسە کە بیر لە دروست کردنی خودی خۆت و بەدی هێنانی ئاسمانەکان و زەوی ودەوروبەرت بکەیتەوە، چونکە هەموو تێکڕا ئاماژە وبەلگەن لەسەر بوونی بەدی هێنەر و خوایەك کە هەموو صیفاتە تەواو وجوانەکانی هەبێت و شایستەی پەرستن و بەتاك دانان بێت.

وە هەروەها برام ئەوەت بەسە کە تێڕامان بکەیت لە قورئان کە بۆ سەر پێغەمبەری خوا ﷺ دابەزیووە زیاتر لە هەزار وچوارسەد ساڵە و کەچی خوای گەورە پاراستوویەتی لە گۆڕین ودەستکاری کردن و جێگۆڕکیٚ پێکردن و کەمو زیاد کردن، هەموو ئەمەت بەسە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە خوایەك بوونی هەیە و شایستەی پەرستنە بەتەنهایی.

وە لەسەرتە بگەڕێیتەوە بۆ لای خواو و داوای هیدایەت و ڕێنمونی لیٚ بکەیت و داواش بکەیت کە پیٚ چەسپاو و دامەزراوت بکات لەسەر ڕێگای ڕاست هەتا ئەو ساتەی دەگەیتەوە پێی.

فاللهم اهدنا الصراط المستقيم .

والحمد لله رب العالمين